# پلۆرالیسمی زمانی و ئاسایشی نەتەوەیی

م. هەورامانی

ئەم وتارە لە هەوڵدایە بە لەبەرچاوگرتنی ئەزموونی سەقەتی «نەتەوەسازی Nation building»ی دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستان، ئەم ڕاستییە بورووژێنێ کە دووپاتکردنەوەی ئەزموونی دەوڵەتانی داگیرکەر لە بەڕێوەبەرایەتیی سیاسی و ئیدارییی هەر پارچەیەک لە کوردستان، لە ئەگەری ڕزگاربوونی، هەڵەیەکی ڕۆوخێنەرە و نابێ نەتەوەیەک کە خۆی قوربانیی سیستەمێکی داخراوی ئیداری ـ سیاسی بووە، هەمان سیستەم بۆ کوردستان ئەزموون بکاتەوە. لەم پێناوەدا ئەم پرسیارە زەق دەکرێتەوە کە ئایا پلۆرالیسمی زمانی لە کوردستان ئاسایشی ئەم وڵاتە دەخاتە مەترسییەوە؟

### ١. پێشەکی

ئێستا کە لە بەرەبەری دەسپێکی دەیەی سێهەمی سەدەی ٢١ی زایینیداین؛ ١٩٥ وڵات ئەندامی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانن کە بە دڵنیاییەوە ڕێژەیەکی زۆر کەمیان لە بواری زمانی، ئێتنیکی و ئایینییەوە یەکدەست دەبینرێن. زۆرێک لە وڵاتان، تێکڵاوێکی نەتەوەیی، ئێتنیکی، زمانی و ئایینییان پێوە دیارە بەڵام ئەم تێکەڵاوبوونە، لە وڵاتانی دێموکرات و گەشەسەندوو، نەتەنیا وەک مەترسی چاوی لێ نەکراوە بەڵکوو بە ڕەچاوکردنی واقیعە جوگرافییەکان وەک دەرفەتێک بۆ بەهێزکردنی کیانی نەتەوەییی خۆیان کەڵکیان لێ وەرگرتووە. بەڵام بەداخەوە لە وڵاتانی داخراو و داپلۆسێنەردا، حکوومەت و دەسەڵات، بەبێ ڕەچاوکردنی تێکڵاوییەکان و تەنیا لە بەرژەوەندیی نەتەوە یان ئێتنیکی سەردەست هاتووەتە دامەزراندن. لەم جۆرە وڵاتانە بۆ پتەوکردنی بنەمای دامەزراندنی دەسەڵات و حکوومەتی یەکدەست، سیاسەتی «یەک وڵات-یەک نەتەوە» پەیڕەو دەکرێت و بۆپراکتیزەکردنی ئەم سیاسەتە، بە شێوەیەکی سیستەماتیک و بەرنامەداڕێژراو و بۆ سڕینەوەی هەرچەشنە پلۆرالیسمێکی زمانی و فەرهەنگی، سیاسەتی «وەک یەککردن Simulation» لە پرۆسەیەکی دیاریکراودا عەمەلی دەکرێ. لە سەدەی بیستی زایینییەوە کە ڕەوتی دامەزرانی حکوومەتە تازەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوین دەستی پێ کرد و وڵاتانێک لەسەر شێوازی مۆدێرنی دەسەڵاتداری، هەوڵی دامەزرانی کیانی «وڵات ـ حکوومەت State»یان دا؛ بە جێگای ئەوەی هەموو پێکهاتەکانی وڵات لە ژێر چەتری خاڵە هاوبەشەکان کۆ بکەنەوە، بە سیاسەتی یەکدەست کردنی فەرهەنگی وڵات و بە بیانووی ئاسایشی نەتەوەیی و پووچەڵکردنەوەی دەستێوەردانی دەرکی، هەموو هەوڵە مافخوازانەکانی دڵسۆزانی کەمینە نەتەوەییەکانیان بە زەبری هێز وڵام داوەتەوە و تا ئێستایشی لەگەڵ بێت، بەهۆی ئەو سیاسەتە چەوتانەوە، ناوچەکە بەردەوام لە قەیرانی شۆناسخوازییەوە دەتلێتەوە.

کوردستان یەکێک لەو وڵاتانەیە کە لە نێوان چەند دەوڵەتدا دابەش کراوە. دەوڵەتانی دەسەڵاتدار لە کوردستان لە ماوەی دەسەڵاتدارێتیی خۆیان بەسەر ئەم وڵاتەدا، بە شێوەیەکی سیستەماتیک هەوڵیان داوە زمانی کوردی و زاراوەکانی لە نێو زمانی نەتەوەی باڵادەست بە شێوازی جۆراوجۆر بتوێتەوە و لەم پێناوەدا لە هەموو کەرەستەکان کەڵکیان وەرگرتووە. ئەوەی لە کوردستان کراوە لە ژێرناوی پاراستنی کیانی سیاسی ونەتەوەیی و دابین کردنی ئاسایشی نەتەوەیی، سڕینەوەی زمان و فەرهەنگی گەلی کورد، لە بەشێکی بەربڵاوی کوردستان بووە.

دەسەڵاتدارانی ناوەند گەرا، بۆ بەڕێوەرایەتیی سیستەمی ئێداری و سیاسیی وڵات، لە مۆدێلی ناوەندگەرای سیاسی-ئێداری کەڵکیان وەرگرتووە. لەم سیستەمەدا، هەموو دەسەڵاتەکان لە بواری ئێداری و سیاسی، لە ناوەندی حکوومەت کە لە ژێر هێژمۆنی نەتەوەی سەردەستدایە، کۆدەبێتەوە. لەم سیستەمەدا بە هۆی داخراوەیی سیاسی و ئێداری، نەتەوە ژێردەستەکان لە هەموو مافێکی زمانی و بەڕێوەبەرایەتیی ناوچەیی بێبەش دەکرێن و لە ڕەوتێکی سیستەماتیکدا، هەوڵ دەدرێت زمان و فەرهەنگی نەتەوەییان لەبەرانبەری زمان و فەرهەنگی زاڵی ناوەندیدا بێ هێز و ئاسێمیلە بکەن.

ئەم وتارە لە هەوڵدایە بە لەبەرچاوگرتنی ئەزموونی سەقەتی «نەتەوەسازی Nation building»ی دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستان، ئەم ڕاستییە بورووژێنێ کە دووپاتکردنەوەی ئەزموونی دەوڵەتانی داگیرکەر لە بەڕێوەبەرایەتیی سیاسی و ئێداریی هەر پارچەیەک لە کوردستان، لە ئەگەری ڕزگاربوونی، هەڵەیەکی ڕۆۆخێنەرە و نابێ

نەتەوەیەک کە خۆی قوربانیی سیســـتەمێکی داخـــراوی ئێداری-سیاســـی بـــووە، هەمـــان سیســـتەم بۆ کوردستان ئەزموون بکاتەوە. لەم پێناوەدا ئەم پرســـیارە زەق دەکرێتەوە کە ئایا پلۆرالیسمی زمانی لە کوردستان ئاسایشی ئەم وڵاتە دەخاتە مەترسییەوە؟

بۆ وڵامدانەوەی ئەم پرســـیارە، گریمانەمان ئەوەیە کە پلۆرالیسمی زمانی و کەڵک وەرگرتن لە زمانێکـــی هاوبەش بۆهەمـــوو وڵات لەپاڵ خوێندن بە شـــێوەزارەکانی تـــر لە ناوچەکانی خۆیان، نەتەنیا ئاسایشـــی نەتەوەیی تووشـــی مەترســـی نـــاکات؛ بەڵکوو ئاســـتی یەکیەتیی نەتەوەیی بەرزدەکاتەوە.

ئـــەم وتارە لـــە بـــواری مێتۆدۆلۆژیکی لە چوارچێـــوەی وتاری»تەوسیفی-شـــیکاری« پێناســـە دەکرێ و بۆ کۆکردنەوەی زانیاری لە شـــێوازی کتێبخانەیی کەڵکم وەرگرتووە و بە هۆی ئەوەی نووسەر لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەژی، ئەزموونـــی ژیان لەم بەشـــەی وڵات، بۆشرۆڤە و شیکاری، یارمەتیی زۆری داوم.

## ٢- چەمکە گشتییەکان

### ١-٢- نەتەوە

«ئانتۆنـــی ئێســـمیت» لـــە کتێبی»شۆناســـی نەتەوەیی»دا لەسەر پێناسەکردنی نەتەوە ئەڵێ: نەتەوە بە کۆمەڵێکی مرۆیی دەگۆترێ کە لەسەر زەوییەکـــی مێژوویی لەگەڵ ئوســـتوورەگەلی هاوبـــەش، بیرەوەریـــی مێژووییـــی هاوبەش، کلتووری هاوبەش، ئابووری و مافگەلی یاسایی و بەرپرســـیارێتی بۆتێکـــڕای ئەندامان، ژیان دەبەنە سەر(Guibernau,2004:126).

«مارتین گلاســـنێر» لە پێناسە کردنی نەتەوەدا دەڵـــێ: زانایـــان و بیرمەندانـــی جوگرافیـــای سیاسی، نەتەوە بە گرووپێکی گەورە لە خەڵک دەڵێن کـــە خاوەنی فەرهەنگێکی هاوبەشـــن. ئـــەم هاوبەشـــییە لە زمان، ئاییـــن، ڕێکخراوە سیاســـییەکان وبایەخـــەکان و ئەزموونگەلی مێژووییدا خۆی دەبینێتـــەوە(Glassner,1993: 38).

«جان ڕێنە شـــۆرت» لەســـەر پێناسەی نەتەوە دەڵـــێ: نەتـــەوە بـــە کۆمەڵێـــک لـــە خەڵک دەگۆترێ کـــە خاوەنی شۆناســـێکی هاوبەش و بایەخی فەرهەنگیی هاوبەشـــن کە لەســـەر زەوییەکی دیاریکراو گیرساونەتەوە. شوناسێک کە لەگەڵ ئەو شـــوێنەی لێـــی هەڵکەوتوون دەخوێنێتەوە(Short,1993:91).

«ژان گاتمەن» گەورە جوگرافیزانی سیاسی، بۆ پێناسە کردنی چەمکی نەتەوە، هۆکارگەلی «مەعنەوی» وەک باوەڕێکی ئایینی، کۆمەڵێک بیروڕای کۆمەڵایەتی و بیرەوەرییە هاوبەشـــە سیاســـییەکان و یان تێکڵاوێک لـــە مان، بە کاریگەر دەزانێ (مۆجتەهێدزادە، ١٣٨١، ٦٣).

میللـــەت یان نەتـــەوە، بـــە کۆمەڵێک لە مرۆڤەکان دەوترێت کە لە چوارچێوەی سنوور و جوگرافیای سیاسیی یەک وڵات (واتە کیانێکی سیاســـی)دا دەژین و ماف وبەرپرســـیاریەتیی وەک یەکیان هەیە(حافیزنیا، ١٣٨٨).

لـــە بـــاوەڕی جوگرافیزانانـــی سیاســـیدا، کاتێک قەومیـــەت وئیتنیک بەرگـــی نەتەوە دەپۆشـــێ کە بتوانێ خۆی لە چوارچێوەیەکی سیاســـی یان»State«دا ڕێک بخـــات. بۆ وێنە ئەفغانســـتان، تاجیکســـتان و ئێـــران لە زۆر بـــوارەوە و بەتایبەت زمـــان، ئایین و کەلتوور، وەک یەکـــن بەڵام بە هۆی جیاوازیی ســـنوور و وڵاتەوە، ســـێ نەتەوەی جیاواز پێکدەهێنن. لـــە بەرانبەردا نەتەوەی ســـوئیس هەیە کە لە وڵاتێکی بچووکـــدا چوارزمانی جیاواز پێکەوە، نەتەوەیەک پێکدەهێنن. بە چاوخشاندنێک بەو پێناســـانە کە لە نەتەوە کراون، نەتەوە خاوەنی ئەم تایبەتمەندییانەی خوارەوەیە:

١ وڵات و حکوومەتێکی هاوبەش
٢ زمان و فەرهەنگی هاوبەش
٣ ئایین و باوەڕی هاوبەش
٤ خاک و سەرزەمینی هاوبەش
٥ بیرەوەریی سیاسیی هاوبەش
٦ مێژوو و چارەنووسی هاوبەش

### ٢-٢- پلۆرالیسم
فەرهەنگی ویبســـتێر لە لێکدانەوەی چەمکی پلۆرالیسمدا لە شـــوێنێکدا دەڵێ: بە دۆخێک دەگوتـــرێ کـــە خەڵکانێـــک لـــە کۆمەڵگا بە ئێتنیک، فەرهەنگ، ڕەگـــەز و ئایینی جیاواز، لـــە چوارچێوەی ژیـــاری هاوبەشـــدا، پێکەوە دەژین(Webster,2020).

فەرهەنگـــی بریتانیکا لە پێناســـەی چەمکی پلۆرالیســـمدا دەڵـــێ: لە زانســـتی سیاســـی، پلۆرالیســـم لە کۆمەڵـــگای دیموکرات لیبرال، لەســـەر قەبووڵ کردنـــی بڵاوەپێکرانی هێز لە نێـــوان گرووپگەلـــی ئیدئۆلۆژیـــک و ئابووریی جیاوازدا دادەنرێ و هیز و دەسەڵات لە دەستی گرووپ یان دەســـتەیەکی ئێلیتدا کۆ نابێتەوە. لەم کۆمەڵگایەدا، پلۆرالیسم وای بۆ دەچێ کە تێکڵاوی، بۆ کۆمەڵـــگا بەکەڵکە و گرووپگەلی جیـــاوازی فەرهەنگی، ئایینـــی، ڕێکخراوگەلی کرێـــکاری وئێتنیکی، دەبێ لە ســـەربەخۆییدا بەشداربن(Britannica,2020).

### ٣-٢- ئاسایشی نەتەوەیی
ئاســـایش (Security) لە وشـــەدا بە دۆخێک دەوترێ کە هیچ جۆرە هەڕەشە یان هێرشێک لەئارادا نەبێ و یان ئامادەبوون بۆ هەرچەشـــنە ڕووبـــەڕوو بوونەوەیەک لە بەرانبەر هەڕەشـــە یـــان هێرش(ئاشـــووری، ١٣٧٩: ٣٨). ئاسایشـــی نەتەوەیی بە دۆخێک دەوترێ کە نەتەوەیەک لە هەرچەشـــنە هەڕەشـــەیەک بە نیســـبەت لەدەستدانی هەموو یان بەشێک لە حەشیمەت، مڵک و ماڵی بەدوور بێت(هەمان سەرچاوە، ٣٩).

### ٤-٢- گرینگایەتیی زمانی هاوبەش
هیچکەس ناتوانێ نکۆڵی لەوە بکات کە بوونی زمـــان، دیارترین تایبەتمەندیـــی فەرهەنگیی مرۆڤـــە کە لـــە هەمـــوو فەرهەنگەکاندا بەدی دەکرێ(گیدنز، ١٣٨٤: ٦٤).

زمان وەک یەکێک لە بنەما ســـەرەکییەکانی نەتەوە، هێما و نیشانەی ناسینەوەی نەتەوەیە، بایەخ دان بەو هێما و نیشـــانەیە، پیشاندەری ڕادەی ئاســـتبەرزی و هۆشیاریی کۆمەڵایەتیی ئـــەو نەتەوەیەیـــە، چونکە زمان خەســـڵەت و تایبەتمەندیـــی نەتـــەوە هەڵدەگرێت (شـــوانی، ٢٠٠٩، ٢٥).

زمانـــی هاوبـــەش، لەمێـــژە وەک یەکێک لە بنەماکانی شۆناس و لە هۆکارەکانی خۆئاگاهی و ناسیووناليسمی ئێتنیکی دێتە ئەژمار (Stans-field,2003:37).

تایبەتمەندیی بنەرەتیی زمانی هاوبەش ئەوەیە کە زمانێکە کە لە نـــاو زمانەکانی تر، ڕۆڵێکی ناوەنجیی هەیە کە هەمووان دەتوانن قســـەی پێ بکەن(حسینی، ١٣٨٣، ٦١).

هۆکارگەلێکـــی جۆراوجۆر وەک چارەنووســـی وەک یـــەک و گرێدراوبوونی ئەم چارەنووســـە لـــە بوارگەلی ئابـــووری، سیاســـی و ئایینی و هەروەها ژیانێکی ئاشـــتییانە لەسەر خاکێکی هاوبـــەش، پەیوەندی وهاوســـۆزی ونزیکایەتی لەناو بێژەرانی زاراوە و شـــێوەزمانەکانی یەک نەتـــەوە پێکدەهێنێ. لەبەر ئـــەوەی کە زمان لە باروودۆخێکدا کەرەســـەی پەیوەندی و لێک تێگەیشـــتنی مرۆڤەکانە، زمانێکـــی هاوبەش پێکدێت (هەمان سەرچاوە، ٦١).

زمانێک دەتوانێ ڕۆڵی زمانێکی ســـتاندارد یان هاوبەش لە وڵاتێکی چەنـــد زمانیدا بگێرێت، کە لە ڕەوتی مێژوویی خۆیدا، بە شـــێوەیەکی بەربـــڵاو لـــە ئاســـتی دەوڵـــەت، بنکەکانـــی دادوەری، مێدیـــا وهەروەها لـــە چوارچێوەی پێکهاتـــەی فێرکردن و بارهێناندا، لە ئاســـتی سەراســـەری و پانتایەکـــی بەربڵاو کەڵکی لێ وەرگیرابێ(کریستال، ١٣٨٥، ١٨).

کۆمەڵێک هۆکارلە بووژانەوە و پەرەپێدانی زمـــان لـــە ئاســـتی نەتەوەیـــی، ناوچەیی و نێونەتەوییـــدا ڕۆڵ وکاریگەرییان هەیە کە بە شێوەی خوارەوە ئاماژەیان پێ دەکەین:

١: سیاســـەت ٢: ئابـــووری ٣: بڵاڤۆکەکان ٤: پرۆپاگەندە(تەبلیغـــات) ٥: ڕادیۆ و تەلەفزیوون ٦: سینەما ٧: مۆســـیقای پاپ ٨: گەشتیاریی

نێونەتەوەیی ٩: پەروەردە وفێرکردن ١٠: مێدیا و پەیوەندییەکان( هەمان سەرچاوە، ٢٣-٣٦).

به زمانێک دەتوانین بڵێین ستاندارد یان هاوبەش کە ئەم قۆناغانەی تێپەڕاندبێت:

١ هەڵبژاردنی شێوەیەک، واتە هەڵبژاردنی یەکێک لە دیالێکتەکانی زمانەکە وەک بنەڕەت و وەک نۆرم.

٢ کۆداندن(واته به کۆدکردنی) ئەوشێوەیە تا ئەو ڕادەیەی کە جیاوازییەکان لە پلەی هەرە کەمتریندا بن.

٣ فراوانکردنی بوارەکانی بەکارهێنانی زمانەکە، واتە لە بوارەکانی زانستی وئەدەبی و ڕۆژنامەگەری و تەکنیکیدا بخرێتە گەڕ.

٤ قەبوولکردن لە لایەن کۆمەڵەوە، واتە کۆمەڵێکی بەکارهێن قەبوولی بکەن و بەکاری ببەن(شاکەلی، ٢٠١١، ١٠٣).

### ٣- دەسکەوتی لێکۆڵینەوە

### ١-٣- کوردستان و زمانی هاوبەش

لە زۆربەی ئەو وڵاتانەی کە تێکڵاوێکی کەلتووری و فەرهەنگییان هەیە و لە بواری زمانی، جۆراجۆری لە ئاستی نەتەوەییدا بەدی دەکرێ، بۆ پاراستنی یەکیەتیی نەتەوەیی و سەرزەوینی، یەکێک لە شێوەزمانەکان وەک زمانی هاوبەش هەڵدەبژێردرێت. ئەگەر زمانێکی هاوبەش لە وڵاتێکی چەند زمانی و یان چەند زاراوەیی (وەک کوردستان)نەبێ لە درێژخایەندا، ئاستی هەستی نەتەوایەتی بە شێوەیەکی زەق دادەبەزێ و هەستی عەشیرەیی و ناوچەگەرایی جێی دەگرێتەوە.

له سێبەری سیستەمی عەشیرەگەریدا ئەگەری پێک هێنانی وڵات(یەکەیەکی سیاسی) بەدەگمەن دەرەخسێت. لەبەر ئەوەی کە هۆز و عەشیرە بەستراوەتەوە بە پێداویستییە چکۆلەکانییەوە و ئەم پرسە بەردەوام جۆرێک لە هەڵچوون و پێکدادان لە نێوان هۆزەکاندا پێکدەهێنێ.

ئێبنوخەلدوون، ئەم دۆخە ئاوەها شرۆڤە دەکات. «ناوچەگەلێک کە لەگەڵ چەند هۆزی و فرەکومەڵگاییدا ڕووبەڕوو دەبنەوە، ئەگەری پێکهێنانی دوڵەتێکی بەهێزیان نابێ»(بیشکچی، ٢٠٠٢ ، ٢٦٤-٢٦٥).

زمانی هاوبەش لە وڵاتانی چەند زمانی، بە مەرجێک نەبێتە هۆی پەراوێزخستنی زمانە ناوچەییەکان، یەکخستن و تێگەیشتنی نەتەوەیی لە ئاستی سەرانسەری وڵاتدا بە گونجاوترین شێوە چارەسەردەکات.

تووی زمانی هاوبەش لە وڵاتێک دەڕوێت کە کۆمەڵێک زاراوە و زمانی هاوڕیشە، لە پرۆسەیەکی مێژووییدا پێکەوە ژیابن و چارەنووسی هاوبەش و ڕەنگدانەوەی ئەوان لە بوارگەلی ئابووری، سیاسی، ئایینی و فەرهەنگی، پێویستیی زمانێکی هاوبەش زەق دەکاتەوە. بۆ وێنە گەلی کورد بە درێژاییی هەزاران ساڵە خەڵکەکەی بە زمان و زاراوەی جیاواز و ئایین وئایینزای جیاوازەوە پێکەوە ژیاون و چارەنووسی ژیانیان لە هەموو بوارێکەوە وا بەیەکەوە گرێ دراوە کە هەر چەشنە هەوڵدانێک لەپێناو درزتێخستن و جیاکردنەوەیان، « ئاسنی سارد کوتانە». هەبوونی زمانێکی هاوبەش لەنێو نەتەوەیەکی هاوڕیشە، زنجیرەی پەیوەندییەکان پتەوتردەکات و یەکیەتی و ئاستی هوشیاریی نەتەوەیی بەرزدەکاتەوە. هەڵبژاردنی شێوە زمانێک لە شێوەزمانەکانی نەتەوەیەک کە ڕۆڵی زمانی هاوبەش بگێڕێت، بەمانای ئەوە نییە کە ئەوشێوەزمانە سەروەری و فەخری بەسەر شێوەزمانەکانی ترەوە هەیە. بەڵکوو زمانی هاوبەش، سەرەڕای ئەوەی کە ڕۆڵی پەیوەندی لەناو پێکهاتەی دانیشتووانی یەک وڵات دەگێڕێ، تێکڵاوێکە لە خەزێنەی وشەگەلی هەموو زاراوە و شێوەزمانەکان و گوزارشت لە دەوڵەمەندیی فەرهەنگیی نەتەوە دەکات نەک ناوچەیەکی تایبەت ودیاریکراو.

بۆ کورد وەک نەتەوەیەکی بێ دەوڵەت، ڕۆڵی زمان، لە هەر فاکتەرێکی تری نەتەوەیی گرینگترە، چونکە دەوڵەتانی خاون

دەسەڵات لە کوردستان، لە ڕەوتی سازدانی نەتەوەی میللیی خۆیان(nation-state)، زۆرترین هەوڵیان داوە زمانە ناوچەییەکان لە بەرانبەر زمانی نەتەوەی باڵادەست بتوێننەوە ودەرەتانی گەشەی فەرهەنگی لەلایەن نەتەوە ژێردەستەکانەوە، زەوت بکرێ و لەم پێناوەدا، ڕێگەی جۆراوجۆریان گرتووەتە بەر.

پاش ڕووخانی ئیمپراتۆرییەتی مێدیا لە ساڵی ٥٥٠ی پێش زایین، بۆ کورد هەل نەڕەخسا هیچ جۆرە دەسەڵاتێکی ڕامیاری پێکەوە بنێ هەتا زمانەکەی لە پەرت وبڵاوی و دابەش بوون بپارێزێ. بەڵکوو لەو ڕۆژگارەوە کەوتووەتە ژێر دەسەڵاتی بیانی کە هەرگیز گوێیان بە چارەنووسی ئەم زمانە نەداوە. ئەم بارودۆخە، ڕەنگدانەوەی خراپی هەبووە لەسەر زمانی یەکگرتووی کوردی، چونکە هۆزە کوردییەکان لەپاش لەدەست چوونی دەسەڵاتی باوکایەتی کە هەموویانی دەپاراست، لە سایەی باری نوێدا، گۆشەگیربوون و لە یەک جیا بوونەوە و ڕێگا خۆش بوو بۆ ئەوەی هەر سەرۆک هۆزێک بەرپرسیارییەتیی پاراستنی هۆزەکەی لە ئەستۆ بگرێت و کارتێکردنی دەسەڵاتی بیانی بپارێزێ. ئەمەش هۆکارێک بوو کە هۆزێک زمان و نەریت و سەربەخۆیی، لە سنووری ناوچەی خۆیدا دەپاراست(فوئاد خۆرشید، ٢٠٠٨، ٧٧).

لە ڕوانینێکی گشتی و بە چاوخشاندنێکی مێژوویی، ئەو هۆکارانەی کە لە پێکهاتن و دروست بوونی زمانێکی یەکگرتوو و هاوبەش لە ناوگەلی کورددا لەمپەربوون ئەمانەی خوارەوەن:

## ١-١-٣- هۆکاری سیاسی

دابەش بوونی کوردستان لەناو چەند دەوڵەت-نەتەوەدا، یەکێک لە گرینگترینی ئەوهۆکارانەیە کە بە درێژاییی چەند دەیەی ڕابردوو، بەربەستێکی پۆڵایین بووە لە بەرانبەر بووژانەوە و ئینکشافی فەرهەنگی وزمانی لەناو گەلی کورددا. دەوڵەتانی خاوەن دەسەڵات لە کوردستان، بنەمای نەتەوەییی خۆیان لە چوارچێوی بیرۆکەی «nation-state» یان «حکوومەتی نەتەوەپێگە» دارشتووە، بە داخەوە بە هۆی خراپ تێگەیشتنیان لە دامەزراندنی حکوومەتی نەتەوەیی، ڕەوتی بەڕێوەبردنی پرۆژەی دەوڵەتی نەتەوەییان بە قوربانی کردن وتواندنەوەی زمانە ناوچەییەکان لە پێناو گەشە و پەرەپێدانی زمانی نەتەوەی سەردەست دانا. بە داخەوە ئەم سیاسەتە لە هەمبەرگەلی کورد بە شێوەیەکی سیستەماتیک و بە ڕەنگوبۆیەکی جیاواز، لە چوارپارچەی کوردستان پەیڕەو کراوە. ئەم سیاسەتە کە لە لایەن دەوڵەتانی دەسەڵاتدارلە کوردستانەوە پەیڕەو کراوە، نەتەنیا دەرەتانی خوێندن بە زمانی کوردیی بە گەلی کورد نەداوە، بەڵکوو بووەتە هۆکارێکی بنەڕەتی لە سڕینەوەی شوناسی زمانی لە بەشێکی گەورە لە پانتاییی جوگرافیای کوردستاندا.

## ٢-١-٣- هۆکاری جوگرافیایی

فراوانیی پانتاییی جوگرافیای کوردستان(نزیک بە ٥٠٠هەزارکیلوومیتری دووجا پێوەر)، سروشتی شاخاوی، ڕووباری پڕئاو و سەرماوسۆڵەی درێژخایەن، تا بەر لە سەدەی نوێ، لەو هۆکارە سەرەکییانە بوون کە پەیوەندی و هەڵسوکەوتی فەرهەنگی، کۆمەڵایەتی، ئابووری و سیاسیی گەلی کوردییان لە بەشە جۆراوجۆرەکانی کوردستان تووشی کێشە کردبوو و بە ڕادەیەک ئەم هۆکارگەلە کاریگەرییان هەبوو کە کوردان لە بەشە جیاجیاکانی کوردستان لە بارودۆخ وچارەنووسی یەکترئاگادار نەدەبوون و ئاساییە کە ئەم هۆکارە زۆرترلە هەرشتێک لە سەر زمان و کلتوور، شوێندانەر دەبێ.

## ٣-١-٣- ناوچەگەرایی و بەرژەوەندیی خێڵەکی

یەکێکی تر لەو خاڵانەی کە لەسەر لاواز

بوونی هەستی نەتەوەیی و دارشتنی پلانێک بۆسازدانی زمانێکی هاوبەش لەناو گەلی کورددا شوێنەواری داناوە، زاڵ بوونی هەستی ناوچەیی و زاراوەیی بەسەرهەستی نەتەوەییدا بووە کە بەداخەوە ئەم شێوە تێفکرینە لە ئاکامدا، هەستی نەتەوەییی لە ئاستی سەراسەریی وڵات، لە بەرانبەر بەرژەوەندیی هۆزەکی و ناوچەیی لاوازدەکات و پرۆسەی تەعمیقی ناسیونالیسم بە شێوەیەکی روون و ئاشکرا، تووشی کزبوون و دابەزین دەکات.

### ۴-۱-۳- بەرژەوەندیی حیزبی و نەبوونی گوتارێکی یەکگرتوو لە ئاستی زمانی هاوبەشدا

ئەگەرئاوڕێک لە بارودوخی خوێندن بە زمانی کوردی لە خوێندنگە و قوتابخانەکانی کوردستان لە سەدەی ڕابردوو بدەینەوە، بە روونی دەردەکەوێ کە بە شێوەیەکی ڕەسمی، تەنیا لە باشووری کوردستان لە ماوەی نیو سەدەی ڕابردوودا، دەرەتانی خوێندن بە منداڵانی کورد لە خوێندنگاکان دراوە و لە بەشەکانی تری کوردستان، بێجگە لە ماوەی تەمەنی کورتی کوماری کوردستان لە مهاباد، هەلێک بۆ خوێندن بە زمانی زگماکی لە بەشەکانی تری کوردستان نەرەخساوە.
چوار ساڵی ئاشتیی ۱۹۷۰-۱۹۷۴ دەرفەتێکی زێرین بوو بۆ پێشکەوتن و گەشەکردنی زمانی ستانداردی کوردی، بە تایبەت کە لە ئەنجامی دووربینی وهۆشیاریی سەرکردایەتیی سیاسیی ئەوکاتەی کوردستاندا، بوو بە زمانی خوێندن و پەروەردە لە سەرانسەری کوردستانی عێراقدا(شاکەلی، ۲۰۱۱، ۱۰۵).

پاش هەرەسهێنانی شورش لە کوردستان و لەت بوونی پارتی دێموکراتی کوردستان، گۆرەپانی سیاسیی کوردستان کەوتە ئەزموونی ململانێی چەندحیزبی، کە بەداخەوە لە زۆربەی ئەم ماوەیەدا، لە جیاتی گوتارێکی نەتەوەیی لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا و بە تایبەت چارەسەری کێشەی زمانی هاوبەش، بەرژەوەندیی حیزبی و یارگیریی سیاسی لە ڕێگەی بووژانەوەی هەستی ناوچەگەری وبایەخ دانی ڕواڵەتی بە چەند زاراوەیی لە مێدیای کوردیی لێ کەوتەوە کە نەتەنیا خزمەتی بە دۆزی نەتەوەیی نەکردووە بەڵکوو لە بەشەکانی تری کوردستان بۆ وێنە لە ناوچەیەکی وەک «هەورامان»، ئەم هەست و پرسیارە لە نێو خەڵک و بە تایبەت ڕۆشنبیرانی ئەم بەشە لە نیشتمان زەق بووەتەوە کە ئەگەر بڕیارە لە دهۆک و بادینان «کرمانجی» و لە هەولێر وسلێمانی و کەرکووک «سۆرانی» بخوێندرێت، بۆ ئە و مافە ئێنسانییە، واتە خوێندن بە زمانی زگماکی، لە منداڵانی هەورامی و کەلهوڕ و فەیلی زەوت بکرێت؟ کە لە ڕاستیدا دڵەخۆرپەیەکی ڕەوا و پرسیارێکی زۆر بەجێیە. ئەحزابی کوردی لە هەموو بەشەکان وحکوومەتی هەرێمی کوردستان وەک تاکە کیانی سیاسیی کوردی، دەبێ بە ڕاشکاوی بڕیاری پەسەندکردنی زمانێکی هاوبەش بۆ هەموو دانیشتووانی کوردستان لە ڕێگەی پەرلەمانی هەڵبژێردراوەوە بدەن و حکوومەتی هەرێم بەبێ هیچ جیاوازییەک، لە هەر ناوچەیەکیشدا کە زۆربەی دانیشتووان بە یەکێک لە شێوەزارەکانی کوردی، جگە زمانی هاوبەش قسە دەکەن، دەبێ دەرەتانی خوێندن بە زمانی زگماکی لە پاڵ زمانی هاوبەش، بۆ منداڵانی ئەو بەشە لە کوردستان برەخسێنێ.
ئەگەر لێرە هەرێمی کوردستان وەک نموونە دێنینەوە لەبەر ئەوەیە کە ئێستا تەنیا شوێنێک لە کوردستان کە تا ڕادەیەک دەرتانی خوێندن و پەروەردەی بە زمانی کوردی هەیە، هەرێمی باشووری کوردستانە. ئەم بەشە لە کوردستان، هەموو پێکهاتە فەرهەنگی و شێوەزارەکانی کوردی لێی کۆبووەتەوە و دەکرێ بە عەقڵییەتێکی نیشتمانی و ڕەچاوکردنی دۆخی تایبەتی ناوچەکانی وەک هەورامان و ناوچە کەلهوڕ زمانەکان، بڕیاری زمانی هاوبەشی کوردی لەو بەشە لە وڵات بدرێ. بە هۆی

ئەزموونی فەرهەنگی، کۆمەڵایەتی، ئابووری و سیاسی، پێوەری جوگرافیایی و حەشیمەتەوە؛ شیوەزاری «سۆرانی»، شانسی زۆرتری بۆ ناساندنی وەک زمانی هاوبەش هەیە؛ بەڵام هەبوونی «سۆرانی» وەک زمانی هاوبەش، بە هیچ شێوازێک نابێ ببێتە هۆی پەراوێزخستنی شێوەزارەکانی تر و دەبێ بە شێوەیەکی فەرمی، دەرتانی خوێندن و پەروەردە بەو شێوەزارانە لە ناوچەکانی خۆیان بڕەخسێت.

ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش هەر وەک باشووری کوردستان، هەموو شێوەزارەکانی زمانی کوردیی پێوە دیارە و نابێ ئەزموونی هەڵەی باشووری کوردستان بۆ دواخستنی بڕیاری زمانی هاوبەش، لێی دوپات بکرێتەوە؛ دەبێ بە زووترین کات لە نێو حیزبە سیاسییەکانی کوردستان وباڵاترین شوێنگەی بڕیار، یانی کۆنگرەی حیزبەکان، لێژنەی داهاتووی زمانی هاوبەشی کوردی پێکبێت و «سۆرانی» وەک زمانی هاوبەشی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەڕەسمی بناسرێ و بە بڕیارێکی ڕەسمییش خوێندن و بە فەرمی ناسینی شێوەزارەکانی تر لە ناوچە کرمانج نشینەکانی پارێزگای ورمێ و ناوچە کەلهوڕ و لەک زمانەکانی پارێزگاکانی کرماشان و ئیلام وهەروەها ناوچەی هەورامی زمانی پارێزگاکانی سنە وکرماشان بدرێ.

نابێ بە هیچ شێوازێک فرە چەشنیی زمانی و زاراوەیی لە کوردستان بە مەترسی بزانرێ. فرەچەشنیی زمانی و زاراوەیی، بە دڵنیاییەوە زمانی هاوبەشی کوردی لە بواری وشە و چەمکەوە زۆر دوڵەمەند دەکات و خەزێنەی زمانی کوردی بە هەموو شێوەزارەکانییەوە لە فەوتان دەپارێزێ و بنماڵەی زمانی کوردی ڕەنگینتر دەکات.

ئەگەر بە چاوێکی واقیعگەرایانە دۆخی جوگرافیای زمانی و فەرهەنگیی کوردستان ببینین، چوارپارچەی کوردستان لەم سۆنگەیەوە بە دوو بەش دابەش دەکرێ:

باشوور و ڕۆژهەڵات بە هۆی پەیوەندیی مێژوویی و فەرهەنگی وکۆمەڵایەتی و تەنانەت سیاسی، دەکرێ وەک دوو شوێنی تەواوکەر چاو لێ بکرێن؛ لەبەر ئەم فاکتانە دەکرێ شێوە زاری «سۆرانی» بۆ ئەم دوو بەشەی کوردستان وەک زمانی هاوبەش ڕەچاو بکرێت و بۆ دوو بەشی ڕۆژئاوا وباکووریش «کرمانجی».

بە ئاوڕدانەوەیەک لەو باسانەی کە کران، هەبوون و ڕاگەیاندنی زمانێکی هاوبەش بۆ کوردستان پێویستییەکی هەنووکەییە.

پێویستیی زمانێکی هاوبەش بۆ کوردستان لەو خاڵانەی خوارەوە زۆرتر زەق ئەبێتەوە:

۱ وروژاندنی هەستی بەهێزی نەتەوەیی و گرێدانی هەموو بەشەکانی وڵات لە ڕێگای زمانێکی هاوبەشەوە؛

۲ کاروباری ئێداری و بەڕێوەبەرایەتیی وڵات لە بواری سیاسی، ئابوری وفەرهەنگییەوە.

۳ ئیستا حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە شێوەی دیفاکتۆیە و لە ئەگەری سەربەخۆییی کوردستان و قەبووڵکردنی لە لایەن کۆمەڵگای نێودوڵەتییەوە، ئەم حکوومەتە دەبێتە دۆزوور، لەو کاتەدا هەبوونی زمانێکی هاوبەش بۆ تێپەڕاندنی کاروباری دیپلۆماسی زۆرپێویستە.

۴ زانکۆ و کاروباری پەیوەست بە خوێندنی باڵا.

۵ فێرکردن و بارهێنان لە ئاستی سەرانسەری وڵاتدا.

۶ هێزی بەرگریی نەتەوەیی و ئاسایش و پاراستنی سنوور.

۷ کاروباری فەرهەنگی لە ئاستی سەرانسەریدا بە تایبەت لە بواری تێئاتر و سینەما.

۸ وەرگێڕانی بابەتگەلی زانستی بۆ سەر زمانی کوردی وهەروەها زمانی ئینتێرنێت.

۹ بووژانەوەی بازاڕی کتێب بە هۆی زمانێکی هاوبەشەوە.

## ۲-۳- کوردستان وپلۆرالیسمی زمانی

جوگرافیای کوردستان جوگرافیایەکی ڕەنگین و هەمە چەشنە. تێکەڵاویی تۆپۆگرافیکی(بەرزی ونزمی) وکەشوهەوا

وهەروەها دۆخی مۆرفۆلۆژیکی(دیمەنناسی) ئەم وڵاتە، کۆمەڵگایەکی ئێنسانیی فرەچەشنی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتیی لێ کەوتووەتەوە.

فرەچەشنیی سروشتی ومرۆیی، بۆ وڵاتێک وەک کوردستان نەتەنیا وەک مەترسی و هەڕەشە نیە؛ بەڵکوو وەک دەرفەتێکە کە ئەگەر بە شێوازێکی زانستی بناسرێ، دەبێتە هۆی یەکریزی و بەرزکردنەوەی ئاستی نەتەوەییی گەلی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان.

بنەماڵەی زمانی کوردی لە چەند شێوەزار پێکدێت بەڵام بە هۆی هۆکارگەلی جوگرافیایی و سیاسی لە ڕابردوو، بە جۆرێک ئاخێوەرانی ئەم شێوەزارانە لە یەک دوور کەوتبوونەوە کە بۆن و بەرامەی چەند زمانی لە نێو بنەماڵەی نەتەوەی کوردی بۆ لێکدرابووەوە. ڕا و بۆچوونی برێک لە ڕۆژهەڵاتناسان لەسەر زمانی کوردی و زاراوەکانی، بە داخەوە بووەتە هۆی ئەوەی ئێستا کەسانێک لە نێو ئاخێوەرانی ئەم شێوەزارانە، بانگەشەی کیانێکی سەربەخۆ بۆ زارەکەیان بکەن. بە باوەڕی نووسەری ئەم وتارە، کەمتەرخەمیی ئەحزابی سیاسی وهەروەها دامودەزگای حکوومەتی لە هەرێمی کوردستان لە بەرانبەر گرینگیدان بە شێوەزارەکانی هەورامی و کەلهوڕی، دەرتانی خۆش کردووە تا ئەو کەسانە ئاهەنگی دوور کەوتنەوە(واگەرایی) لە کولییەتی زمانی کوردی لێبدەن.

مێژووی ئەدەبی کوردی ئەو ڕاستییەمان بۆ دەردەخات کە بنەماڵەی ئەدەبی-زمانیی کوردی لە ڕێڕەوی مێژوویی خۆیدا لە لایەن هەموو شێوەزارەکانەوە خزمەتی پێ کراوە. بنەماڵەی زمانی کوردی وەک سیستەمێکی زیندوو بووە کە هەر جارێک لە لایەن یەکێک لە ئەندامانی سەرەکیی ئەم سیستەمەوە وزەی پێویستی وەرگرتووە و کوللییەتی سیستەم لە میرایی(ئانترۆپی) ڕزگار کراوە. تا بەر لە سەرهەڵدانی ناسیونالیسم بە شێوازی مۆدێرن، کۆمەڵێکی زۆر شاعیر و هەڵبەستڤان لە هەموو زارەکانی زمانی کوردی خزمەتی ڕاستەقینەیان بە کورد و کوردستان کردووە. لێرەدا وەک نموونەیەک لە پلۆرالیسمی زمانی و ئەدەبی ئاماژەیان پێ دەکەین کە بێگۆمان ئەم جۆرە لە خزمەت، هەڵگری پەیامێکی بەهێز بووە لە تۆلێرانس و پێکەوەبوون لە کوردستان.

### ۱-۲-۳-کوردستان و ئەدەبی کرمانجی

دوابەدوای شەڕی چاڵدێران لە ساڵی ۱۵۱۴ زایینی و سەرکەوتنی ئێمپراتۆریەتی عوسمانی لەو شەڕەدا، خەلافەتی عوسمانی دەستی دایە بەهێزکردنی ئیمارەتە کوردییەکانی نێوان سنوورەکانی خۆی و حکوومەتی سەفەوی.

مەبەستی پاشایەتیی عوسمانی پێکهینانی دیوارێک بوو لە گۆشت وخوێن لە نێوان خۆی ودوژمنەکەیدا، بۆ پاراستنی سنوورەکانی(شاکەلی، ۱۳۸۴، ۲۱۶).

بە هۆی ئەم سیاسەتەوە، بەشێک لە ئیمارەتە کوردییەکان دەرەتانی ئەوەیان پێ درا کە وەک ناوەندێکی فەرهەنگی کوردی خۆ بنوێنن و لە ئیمارەتی بۆتان یەکەم قۆتابخانەی شیعری کلاسیکی کوردی لە زاری کرمانجیی باکووردا دابمەزرێ(هەمان سەرچاوە، ۲۱۶).

مەلای جزیری(۱۶۴۰-۱۵۷۰)، وەک یەکەمین شاعیری نیشتمانی، وێڕای شیعر دانان لە بوارگەلی ئایینی و سۆفیگەرییەوە، بە فەراوانی و شانازییەوە، خۆشەویستیی نیشتمان و کوردستان لە بەرهەمەکانیدا دەردەکەوێ. وەک لەم دێڕە شیعرەدا کە بە جوانترین شێوە خۆشەویستی بۆ زێد و وڵاتەکەی دەردەبڕێ:

گوڵی باغی ئیرەمێن بۆتانم
شەب چراغی شەبی کوردستانم

دوابەدوای مەلای جزیری، ئەحمەدی باتایی، دانەری یەکەم مەولوودنامەی کوردی و فەقێ تەیران، ڕووناکیبەخشی ئەدەبی کوردی لە بەشی کرمانجی بوون. سەرهەڵدانی شێخ ئەحمەدی خانی لە ناوەڕاستی سەدەی شانزدەهەمی زایینی، بەڕاستی شۆڕشێکی

ئەدەبیی گەورە لە قۆتابخانەی کرمانجی بوو.
زانای پایەبەرز شـێخ ئەحمەدی خانی لە سـاڵی ١٦٥٠ی زایینی لە شـاری بایەزیدی کوردستانی باکوور، لە بنەماڵەیەکی بەناوبانگ لە دایک بووە و لە سـاڵی ١٧٠٧ی زایینی لە تەمەنی ٥٨ ساڵیدا کوچی دواییی کردووە. خانی بێگومان یەکێک لە بەناوبانگترین شـاعیرانی گەلی کورد لە سـەدەی حەڤدەهەمی زایینی بووە کە بە زاری کرمانجی، خۆشەویسـتی بۆ گەلی کوردی نواندووە. ناسـراوترین بەرهەمی خانی شـاکاری «مەم و زین» بووە. هەرچەندە چیرۆکـی مەم و زیـن، چیرۆکێکی دڵدارییە، بەڵام شـێخ ئەحمەدی خانی، خۆشەویستیی گەلی کورد و کوردسـتانی بە جوانترین شێواز لەم دێڕە شیعرانەدا نیشان داوە:

بێگانـە نەڵێـن کە کـورد نەزانن
بـێ نووسـەر وهۆنـەر و زمانـن
پێمـان نەڵـێ وێژەوانـی بیر ورد
دڵـداری نەبوو لە نێو گەلی کورد

هەروەهـا ئـازار و ژێردەسـتەییی نەتەوەی کورد، ڕەنگدانەوەی بەرچاوی لە شـیعرەکانی خانیدا بووە و ئەم زانـا پایەبەرزە، نەهامەتیی گەلەکەی بە جوانترین شێوە و لە ڕوانگەیەکی خەسارناسـییەوە لە چوارچێوەی شیعرەکانیدا هێناوەتە گۆڕێ:

چۆن بۆعەجەمان دەبووینە ژێردەست
ژێردەستی شتی وەها نەوی و پەست
هـەر ڕۆژی بـەرێ خـودای توانـا
ڕۆم وعەجەمـی لەسـەر مـە دانـا
بـێ شـەرمیە ژێردەسـیی ئەمانە
ئەم شـەرمە لـە پیـاوە گەورەکانە
سـا خوایـە لە تـۆ سـەیر دەمێنم
لـەو گێـژە چلـۆن سـەرم دەرێنم
کورد چۆن دەبێ دیل و چارەڕەش بن
کەی ڕاستە لە خۆشی دوورە بەش بن
بۆ بەخشـش و دڵ بەنـاو و دەنگن
شـێرن لـە هـەرا، پڵنگـی جەنگن
(وەرگێـڕاوی هـەژار)

## ٢-٢-٣- کوردستان و ئەدەبی هەورامی

ئەدەبـی هەورامی بـۆ ماوەیەکـی دوورودرێژ، لە زۆربەی بەشـەکانی کوردسـتانی باشوور و ڕۆژهـەڵات، وەک ئەدەبی سەردەسـت چاوی لێ کـراوە و زۆرێک لە زانایانی کوردسـتان، لە ڕێگەی شـێوەزمانی هەورامییەوە، خزمەتی گەلـی کوردیان کردووە. ڕەنگە ئەو هۆکارانەی کە بوونەتە هۆی ئەوەی کە شێوەزمانی هەورامی بەتایبـەت لە بواری شـیعر و وێژەوانییەوە بۆ ماوەیەکی درێژخایەن وەک زاری ئەدەبی خۆی بنوێنێ ئەمانەی خوارەوە بن:

١ شـێوەزمانی هەورامـی پێشـینەیەکی مێژوویـی دێرینی هەیە و لە ڕووی دینییەوە جۆرە پیرۆزییەکی بووە.

٢ زۆربەی سـروود و پەخشـانە دینییەکانی ئایینی یارسـان، بـە هەورامـی هۆنراوەتەوە، ڕێبەر و عاریف و شـاعیرە یارسانەکان لە هەر شـوێنێکدا ژیابـن، لە چوارچێوەی سـرووده ئایینییەکانیاندا، فێری زمانی هەورامی دەبوون.

٣ پاش گەیشتنی ڕێورەچەی نەقشبەندی بە هەورامان، ژمارەیەکی زۆر لە شاعیر و عاریفە گەورەکانی کورد، خەلیفە و موریدی شێخەکانی نەقشـبەندیی هەورامان بوون و لەبەر ئەوەی ئەو شـێخانەش بە هەورامی دواون، ئەوانیش بە زمانـی پیرەکانیان شـیعریان هۆنیوەتەوە و سـۆزی خۆیان و پەیوەندیـی ڕۆحییان لە دووتوێی شـیعرکانیاندا خسـتووەتەڕوو. وەک مەولەوی، ئەحمەد پریسـی، مەحوی، بێخود وشێخ محەممەدی خاڵ و ئەوانی تر...

٤ شـیعری هەورامی بۆهۆنینەوەی شـیعری کوردی بەتایبەت ئەو شـیعرانەی کە لەسـەر کێشی خۆماڵین شیرین و پاراوە(ئەیوب ڕۆستەم، ٢٠١١، ٤٢٩-٤٣٠).

بە هۆی ئەوەی کـە زمانی ئەدەبیی ئەمارەتی ئـەردەڵان هەورامی بووە، گەلێک شـاعیری گەورە بـەو زاراوەیە شـیعریان هۆنیوەتەوە و خزمەتـی ئەدەبی کوردییان کردووە(شـاکەلی، ١٣٨٤، ٢١٧).

لــە بەرچاوتریــن شــاعیرانی قۆتابخانەی ئەدەبــی هەورامــی دەتوانرێت بە بێســارانی، مەولەوی، خانای قۆبادی، سەیدی هەورامی و ئەحمەدبەگی کۆماســی ئاماژە بکەرێت. لێرەدا وەک پێشەنگی ئەدەبی هەورامی، ئاماژەیەکی کورت بە ژیانی بێسارانی دەکەین:

مەلا مستەفا کوڕی مەلاقوتبەدین و کوڕی مەلاشەمسەدینە. لە ساڵی ١٦٤١ی زایینی لە گوندی بێســارانی هەورامانی ژاوەرۆ لە دایک بووە. لــە «نۆدشــە» و «پایگەڵان» و «ســنە» خوێندوویەتی و لە ســاڵی ١٧٠٢ی زایینی لە تەمەنی ٦١ ساڵیداکوچی دوایی کردووە.

بێسارانی شاعیری جوانی وخۆشەویستییە. لــە تەمەنــی لاویەتیدا، ئەوینــداری کیژێکی پایگەڵانی بە نێوی (ئامینە) دەبی، ئەوینی ئامینە و سروشــتی دڵرفێنی هەورامــان، هاندەرێک بوون کە هەســتی پڕلە ســۆزی بێسارانی، لە چوارچێوەی شــیعرداْ چەکەرە بــکات و ئەم شاعیرە گەورەیە وەک ئەستێرەیەکی پڕشنگدار لە ئاسمانی ئەدەبی کوردیدا بدرەوشێتەوە.

چڵــێ نــە پەنــا چڵــێ نــە پەنــا
چڵێ چــون ڕەقیب مــدران نە پەنا
هۆرئامــان مــدران نــە ڕووی تەمەنا
مەربــادی قــودرەت بــدەرۆش فەنا
وەبــاد قــودرەت لەتــار لەتــار بــۆ
نمــازۆ بــاڵای قیبلــەم دیــار بــۆ
بســـۆچۆ بە ئایــر بازەدەی ســەحەر
ڕیشــەش جە زەمین بەربــارۆ وەبەر
تا باڵای قیبلەم چون شــەمعی خانان
بوینــوو وە چــەم جــە بــەرزە بانان
(دیوانی بێسارانی، ٢٢٤- ٢٢٥).

### ٣-٢-٣- کوردستان و ئەدەبی سۆرانی

دوابــەدوای دامەزرانی شــاری ســلێمانی لە ســاڵی ١٧٨٤ی زایینی لە لایــەن ئێبراهیم پاشــای بابانەوە، لە ماوەیەکی کەمدا ئاستێکی بەرزی شارســتانیی بە خۆیەوە بینی. هەبوونی ڕێژەیەکی زۆری قۆتابخانە، مزگەوت، مامۆستا، مــەلا و زانیار لــە ماوەیەکــی زۆر کەمدا ئەو شــارەی کرد بە یەکێ لــە گرنگترین ناوەندە فەرهەنگییەکان(شاکەلی، ١٣٨٤، ٢١٧).

گەشە و پەرســەندنی ئەدەبی سۆرانی لەو کاتەدا، هــەر وەک دوو زاراوەکەی تری زمانی کوردی، بە حەول و تێکوشانی زانایانی ئایینیی ئەو دەڤەرە بووە.

نالــی (١٨٧٠ یــا ١٨٥٥-١٧٩٧)، ســالم (١٨٦٦-١٨٠٠) و کــوردی (١٨٦١-١٨٠٠)، گەورە شــاعیران و ڕێبەرانی ئەم قوتابخانەیەن (ســەرچاوەی پێشــوو، ٢١٧) کــە لێــرەدا وەک دەسپێشــخەر و بناغەدانــەری ئــەم ڕەوتە لە ئەدەبی کــوردی، ئاماژەیەکی کورت بە ژیانی شــاعیری پایەبــەرزی نەتەوەکەمــان، نالــی دەکەین:

نالی، ناوی مەلا خدرە و کوڕی ئەحمەدی شاوەیســی ئالی بەگی میکاییلییە. لە ســاڵی ١٧٩٧ی زایینــی لــە گونــدی خاکوخۆڵ لە دەشــتی شــارەزوور لە دایک بووە و لە ساڵی ١٨٥٥ یان ١٨٧٠ی زایینــی، کۆچی دوایی کردووە.

مامۆستا نالی، سەرەڕای شارەزاییی تەواو لە زمانەکانی عەرەبی، فارسی و تورکی، بەڵام بە هەستێکی نیشتمانییەوە زۆربەی هۆنراوەکانی بە کوردی دادەنێ و بە شانازییەوە دەڵێ:

تەبعی شەککەرباری من کوردی ئەگەر ئینشا دەکا
ئیمتیحانی خۆیە مەقسوودی لە «عمدا» وادەکا
کەس بە ئە لفازم نەڵێ خۆ کوردیە، خۆکردییە
هەر کەسێ نادان نەبێ خۆی تالیبی مەعنا دەکا
(دیوانی نالی، ٦٠).

کوردی نووســینی نالی، شۆڕشــێک بووە لە کاتی خۆیدا و جورئەتێکی گەورەی ویســتووە، تەنانەت ئەم زمانی نووســینەی ئێمە بە کاری دەهێنین سەرچاوەکەی لەم بەرەنگاربوونەوەی «نالی»یەوە دەســت پێ دەکات(قەیــس، کاکل تۆفیق، ٢٠٠٧، ١٢٥).

نالــی نیشــتمانپەروەرێکی ڕووناکبیربوو و زۆر بەهیوا بوو کە حاکمی بابان بتوانێ سەربەخۆییی

کوردســـتان بەرانبەر بە داگیرکەریی تورکانی عوســـمانی و ئێرانییەکان ڕاگرێ. هەرچەند لە دواییدا، بابان تێکشـــکا و چـــووە ژێر ڕکێفی تورکانەوە و نالی بە ناچار تەرکی وڵاتی کرد و پاشماوەی ژیانی نالی لە دیمەشق، ئەستەمبووڵ و مەککە چووە سەر(شاکەلی، ١٣٨٤، ٢١٨).

هەروەها لە قوتابخانەی ئەدەبی ســـۆرانی، زانایانێکـــی تری ئایینـــی وەک حاجی قادری کۆیی، شـــێخ ڕەزا تاڵەبانی، وەفایی، مەحوی، قانع، هـــەژار و هێمن و زۆرێکی تر لە زانایان، خزمەتی زمان و کەلتوری نەتەوەییان کردووە.

## ٣-٣- ئاسایشی نەتەوەیی لە کوردستان

ئەوەی کە ڕوون و بەرچاوە کوردستان هەم لە بواری سروشـــتی و هەم لە بورای ئێنسانییەوە کۆمەڵگایەکی فرەچەشن و ڕەنگینە.

لـــەم وڵاتە لە بـــواری نەتەوەیـــی، جگە لە کورد، تورکمان، ئەرمەنی، ئاشـــووری، عەرەب و تورکیش هەیە و لە بواری ئایینی، موســـڵمان، مەســـیحی، ئیزەدی، یارســـان و جوولەکەیش هەیـــە. ئـــەم جیاوازییە لە بـــواری نەتەوەیی و ئایینی، کوردســـتانی وەک نموونەیەکی جوان و ســـەرنجڕاکێش لە پیکەوەژیـــان و تۆلێرانس دەرهێناوە. بەدەگمەن بینراوە کە لە کوردستان، تـــاک یـــان کۆمەڵێـــک بـــە هـــۆی جیاوازیی نەتەوەیی و ئایینییەوە تووشـــی مەترسی و ئازار بووبێتەوە. ڕووداوەکانی ئەم سەدەیە کە سەدەی سەرهەڵدانی ناسیونالیسم و پرۆسەی هەڵقوڵاوی وڵاتان بووە، ئەو ڕاستییەمان بۆ نیشان دەدا کە نەتەوەکانی عەرەب، تورک وفارس، لە پرۆسەی دامەزرانـــی دەوڵەتی بەناو مۆدێرنی خۆیان و لە ڕەوتی «نەتەوەســـازی»یان، چۆن گەلانی تریان بە هۆی جیاوازیی زمانـــی و ئایینی ئازارداوە و تووشـــی کۆشـــتوبڕ کردووەتەوە و لاپەڕەیەکی ڕەشیان بۆ نەتەوەکەیان تۆمار کردووە.

بە داخـــەوە ئەوەی کە ئەو نەتەوانە لە ژێر ناوی ناسیۆنالیســـم و نەتەوایەتی بانگەشەیان بۆ کـــردووە؛ تەنیا جۆرێک لە فاشیســـم بووە، چونکە بوونی خۆیان لە نەبوونی ئەوەی دیکەدا پێناسە کردووە. ئەوەی ناسیۆنالیسمی کوردی لە ناسیۆنالیســـمی ئەوانی تر جیـــا دەکاتەوە، ئەوەیـــە کـــە کورد هیچـــکات بۆ شـــوناس و مانەوەی خۆی پەلامـــاری ئەوانی تری نەداوە؛ هەر بۆیە کاتێک نەتەوەکانی تر لێیان قەوماوە بە بێ دڵەڕاوکێ ڕوویان لە کوردستان کردووە و کوردستانیان وەک شوێنگەی ئارامی خۆیان زانیـــوە. هەموومـــان ڕووداوەکانی دوای هاتنی داعشـــمان بینیوە کە چۆن بە لێشـــاو هەموو نەتەوەکان بە زمان و ئایینی جیاوازەوە، ڕوویان لە کوردستان کرد و ئەم وڵاتە باوەشی گەرمی بـــۆ ئەوان کردەوە. ئێســـتا ئەم پرســـیارە زەق دەبێتەوە کە کورد ئاوەها لەگەڵ نەتەوەکانی تر هەڵسوکەوتی کردووە، دەبێ لەگەڵ ڕەنگینیی زمانـــی و ئایینیـــی نەتەوەکـــەی خۆی چۆن هەڵسوکەوت بکات؟

هەروەک پیشـــتر ئاماژە کرا، کوردســـتان لە بـــواری زاراوەیـــی و ئایینییـــەوە، لە نێوان چەندین ئایین، ئایینزا و زاراوەدا دابەش کراوە و هـــەر ناوچەیەک، بەهۆی زمـــان و ئایینەوە تایبەتمەندیی خۆی پێ بەخشراوە. هەرچەندە کوردســـتان لـــە بـــواری زمانـــی و ئایینی تا ڕادەیـــەک جیاوازیی پێوە دیـــارە بەڵام هەموو گەلـــی کورد لـــە ڕەوتی نەتەوایەتـــی و بزاڤی ڕزگاریخوازانەدا بە شـــێوەیەکی ڕێژەیی نرخی شوناســـخوازیی خـــۆی داوە. هەبوونـــی ئایین و زاراوەی جیاواز لە کوردســـتان، پێویســـتیی پلۆرالیســـمی زمانی و فەرهەنگـــی لەم وڵاتە زەق دەکاتەوە. دووپـــات کردنەوەی ئەزموونی وڵاتانـــی دراوســـێ لە ســـازدانی سیاســـەتی فەرهەنگی ونەتەوەیی لـــە بەڕێوەبردنی وڵات، بۆ کوردستان، هەڵەیەکی ڕووخێنەرە. خەڵکی کوردســـتان بە هەموو جیاوازییەکانەوە خۆیان لـــە چوارچێـــوەی یەک نەتـــەوەدا پێناســـە دەکەن، بۆیە هەریـــەک لە زمان و ئایینەکان، کوردبـــوون وەک ماف ومەشـــرووعیەتێک بۆ مانەوەی فەرهەنگی خۆی دەزانێ. پلۆرالیسمی

فەرهەنگـــی لە کوردســـتان، ڕێخۆشـــکەرە بۆ بووژانـــەوەی فەرهەنگی، زمانی وئایینی، بە بێ تێکچوونی کوللییەتی فەرهەنگی و نەتەوەیی. هەروەک لە باســـی زمانی هاوبەشدا باس کرا، هەبوونی زمانێکی هاوبەش بۆ کوردســـتان لە پاڵ خۆڵقاندنی دەرەتانی خوێندن و پەروەردە بۆ زاراوەکانی تر، ئاستی تێگەیشتنی نەتەوەیی و حورمەتی شـــارۆمەندی بەرزتـــر دەکاتەوە. پلۆرالســـیمی فەرهەنگی لە کوردستان، زامنی ئاسایشـــی نەتەوەیی دەبـــێ، چونکە یەکێک لەو خاڵانەی کە ناحەزانی کورد و کوردســـتان هەمیشـــە هەوڵیان بـــۆ داوە، بە هۆیەوە درز و تەگەرە بـــۆ یەکییەتیی کوردان ســـاز بکەن، باســـی چەنـــد زاراوەیـــی و چەنـــد ئایینی لە کوردستان بووە. ئەگەر حیزبە سیاسییەکان و یان کۆڕ و کۆمەڵە ڕۆشنبیرییەکانی کوردستان، دان بە واقیعە جوگرافیاییەکانی کوردستان و یـــەک لەوان، تێکەڵاویـــی فەرهەنگیدا بنێن و بەرەبەرە باسی پلۆرالیسمی زمانی و فەرهەنگی لە کوردســـتان تیئۆریزە بکرێ؛ بە دڵنیاییەوە پیلانی ناحـــەزان کە ماوەیەکە لـــە ژێر ناوی جیاوازیی زمانی و ئایینی خەریکی دووبەرەکی گێڕان لەناو گەلی کورددان پووچەڵ دەکرێتەوە. ئاسایشـــی نەتەوەیی، پەیوەندیی ڕاستەوخۆی بە مەشرووعییەتی دەســـەڵاتەوە هەیە. ئەگەر دەســـەڵاتێک لەنێو خەڵکی خۆیدا دانپێدانراو نەبێ و شارۆمەندانی ئەو وڵاتە هەست بە مافی شـــارۆمەندی نەکەن، لە درێژخایەندا ئاسایشی نەتەوەیی لە ناوخۆدا تووشی هەڕەشە و مەترسی دەبێ. ئاسایشی نەتەوەیی لە کوردستان، بەندە بە پتەوکردنی ڕیزەکانی ناوخۆ. کوردســـتان بە هۆی هەڵکەوتەی جوگرافیایی خۆی، لەگەڵ مەترســـیی دوژمنانی دەوروبـــەری بەرەوروویە و لە ئەگەری ســـەربەخۆیی و یان دەســـەڵاتی ناوچەیـــی لـــە پارچەیەکیـــدا؛ لـــە دوژمنی و گەمـــارۆی ناحـــەزان بێبـــەری نابـــێ، بەڵام گرینگترین خاڵ بـــۆ دەربازبوون و خۆڕاگری، پووچەڵکردنەوەی خاڵە لاوازە ناخۆییەکانە کە بە دڵنیاییەوە چەند زاراوەیی و چەند ئایینی، یەکێک لـــە گرینگترینی ئـــەو خاڵانەیە کە دەبێ بە پراکتیزەکردنی سیاسەتی پلۆرالیسمی فەرهەنگی، ئاسایشـــی نەتەوەیی لە کوردستان بە شێوەیەکی بنەڕەتی مسۆگەر بکرێت.

## ئاکام

بـــە ئاوڕدانەوەیەک لەو باســـانە کە ورووژان و لـــە وڵامدانەوە بە پرســـیاری ســـەرەکیی ئەم وتارەدا، بۆمان دەردەکەوێ کە پراکتیزە کردنی سیاســـیەتی پلۆرالیســـمی فەرهەنگی و زمانی لە کوردســـتان، پێویســـتییەکی هەنووکەییە و کەمتەرخەمی لەم بـــوارەدا لە لایەن لایەنە پەیوەندیدارەکانەوە، لە درێژخایەندا بەرژەوەندی و ئاسایشی نەتەوەیی دەخاتە مەترسییەوە.

هـــەروا کە پێشـــتر ئاماژەمان پـــێ دا، لە پێناو پراکتیزەکردنی سیاســـیەتی پلۆرالیسمی فەرهەنگـــی، هەبوونی زمانێکـــی هاوبەش لە کوردستان پێویســـتییەکی حاشـــاهەڵنەگرە. هەبوونی زمانـــی هاوبەش لە کوردســـتان بە مانـــای ســـەروەری و فەخری شـــێوە زمانێک بەســـەر زمانەکانی تردا نییە؛ بەڵکوو مێژووی ئەدەبی کوردی ئەو ڕاستییەی سەلماندووە کە بەپێی بارودۆخی ســـەردەم، هەرجارە یەکێک لە شـــێوەزارەکانی زمانی کوردی وەک زمانی هاوبەش، لە لایەن بەشێکی بەرچاو لە خەڵکی کوردستانەوە کەڵکی لێ وەرگیراوە و لە ڕەوتی مێژوویی خۆیـــدا خزمەتی پێ کراوە. بۆ وێنە ئەدەبـــی هەورامی بۆماوەیەکـــی دوورودرێژ، لە زۆربەی بەشـــەکانی کوردســـتانی باشـــوور و ڕۆژهـــەڵات، وەک ئەدەبی سەردەســـت چاوی لێ کراوە و زۆرێک لە زانایانی کوردســـتان، لە ڕێگـــەی زمانی هەورامییـــەوە، خزمەتی گەلی کوردیان کردووە.

هەبوونـــی زمانـــی هاوبـــەش لە ئاســـتی سەرانســـەریی کورســـتاندا، ئەگـــەر بە مانای پەراوێز خســـتن و لەناوبردنی شیوەزمانەکانی تـــری کوردی بێـــت، ئـــەوە دووپاتکردنەوەی

پرۆژی سەقەتی «nation-state» لە ڕۆژهەڵاتی ناوراســت دەبــێ کــە لــە یەک ســەدەی ڕابــردوودا لــە وڵاتانی ناوچە بە شــێوەیەکی ناشــییانە پەیڕەوکــراوە. هەبوونــی دەرەتانی خوێنــدن بە زمانــی زگماکی لەپــاڵ زمانی هاوبــەش لــەو ناوچانەی کــە زمانێکی جگە لەزمانی هاوبەشــیان هەیە، نەتەنیا دەســتە واژەی ڤێزەونــی «تەمامییەتی ئەرزی» ناخاتە مەترســییەوە، بەڵکــوو هەســتی نەتەوایەتی لەئاســتی سەرانســەری وڵاتــدا زۆر بەهێزتر دەکات. کاتێک شــارۆمەندی وڵاتێک هەست بە بەرپرســیارێتی لە ئاست خاک و نیشتماندا دەکات کە هەموو مافە ئێنسانییەکانی پارێزراو بن.

ئاسایشی نەتەوەیی لەهەر وڵاتێک کاتێک ســەقامگیر دەبێ کــە هەموو شــارۆمەندانی ئەو وڵاتە مافەکانیان پارێــزراو بێت. ئەمرۆکە ئەزموونی وڵاتانی نادێموکرات ئەو ڕاســتییەی سەلماندووە کە ئاسایشی نەتەوەیی، لە ڕێگای هێزی ســەختەوە دابین ناکرێ و سیاســەتی پەراوێزخستن و سەرکوت، نەتەنیا داوا ڕەواکان دانامرکێنێتەوە، بەڵکــوو داخوازە مەدنییەکان بەرەو ئاقارێکی ڕادیکاڵ و چاوڕواننەکراو دەبات.
گەلی کورد، ســەرەڕای جیاوازی لە برێک لە تایبەتمەندییەکان وەک شــێوازی ئاخافتن، بەڵام لــە بواری جوگرافیایی و ســەرزەمینی، مێژوویی، فەرهەنگــی و کۆمەڵایەتی، ئایین و بیر و باوەڕ و بیروەریی سیاســی و هەســتی نیشتمانی، بە یەک نەتەوە دەژمێردرێن و لەم ڕووەوە، هەرجۆرە هەوڵدانێک بۆ جیاوازیخستن لەناو نەتەوەی کــورد، هەنگاوی پێچەوانەیە و دژی هەموو ڕاستییە مێژووییەکانە. کورد نابێ بە هیچ شــێوازێک لە بەرانبەر جیاوازییەکان، لە ئەزموونی پڕ لە کێشەی وڵاتانی دەوروبەری خۆی، لە شێوازی حۆکمڕانی کەڵک وەربگرێت. کوردســتان بە هەمــوو ڕەنگەکانیەوە ڕەنگین و ڕازاوەیــە، بۆیە پراکتیزەکردنی سیاســەتی پلۆرالیســتی بۆ بەڕێوەبردنی حۆکمڕانیی وڵات لە هەموو بەشــەکان بە تایبەت بەشــی زمان وفەرهەنــگ، نەتەنیــا ئاسایشــی نەتەوەییی کوردســتان تووشی مەترســی نابێت، بەڵکوو هەمــوو خەڵکی وڵات بە هەســت و ئاوازێکی قووڵەوە پارێــزی ســەروەری و بەرژەوەندیی نیشتمانی دەبن.

## سەرچاوەکان


- آشــوری، داریوش، (١٣٧٩)، دانشــنامه سیاسی، تهران، انتشارات مروارید.
- ئەیوب ڕۆســتەم، هەورامان لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی کلتوورییە، بەرگی یەکەم ودووەم، ٢٠١١، ســلێمانی، مەڵبەندی ڕۆشــنبیریی هەورامان.
- بیشــکچی، ئیســماعیل، کوردســتان کۆلۆنییەکــی نێودەوڵەتی، وەرگێر:حەمەڕەشید، ٢٠٠٢، سلێمانی.
- ترادگیل، پیتر، زبان شناســی اجتماعی، درآمدی بر زبان وجامعه، ترجمه: محمد طباطبایی، ١٣٧٦، تهران.
- حافظ نیا، محمدرضا، مفهوم وتعریف ملت، ١٣٨٨، جزوه کلاسی، دانشگاه تربیت مدرس تهران.
- حسینی، باباشیخ، هامشــی بردانش زبانشناسی، ١٣٨٠، سنندج، نشرژیار.
- حەمە خورشــید، فوئــاد، زمانی کــوردی ودیالێکتەکانی، ٢٠٠٨، دەزگای چاپ وپەخشی سەردەم.
- شاکەلی، فەرهاد، شیعری کلاسیک و نوێی کوردی، وەرگێر: جەلیل کەریمــی، ١٣٨٤، وەرزنامەی فەرهەنگی، ئەدەبــی، کۆمەڵایەتیی زرێبار، ساڵی نۆهەم، (٥٩، ٥٨).
- شــاکەلی، فەرهاد، زمانی کوردی لە ئاستانەی سەردەمێکی تازەدا، ٢٠١١، هەولێر، دەزگای چاپ و پەخشی ئاراس.
- شوانی، ڕەفێق، زمانەوانی، کۆمەڵێک وتار، ٢٠٠٩، هەولێر، دەزگای موکریانی.
- شوانی، ڕەفێق، زمانی کوردی و شوێنی لەناو زمانە کانی جیهاندا، هەولێر، ٢٠٠٨، دەزگای موکریانی.
- کاگڵ تۆفێق، قەیس، ئاسایشــی نەتەوەیی و پلانی زمان، ٢٠٠٧، دەزگای ئاراس
- گیدنز، آنتونی، (١٣٨٤). جامعه شناسی، ترجمه: منوچهر صبوری، تهران، نشر نی.
- کریســتال، دیوید، انقلاب زبانی، ترجمه: شــهرام نقش تبریزی، ١٣٨٥، تهران، ققنوس
-هیوود، اندرو، (١٣٩٦)، سیاست، ترجمه: عبدالرحمان عالم، تهران، انتشارا ت نی.
- مجتهــدزاده ، پیــروز، جغرافیــای سیاســی وسیاســت جغرافیایی، ١٣٨١، تهران، سمت.
- Guibernau,Montserrat,(2004). Antony D,Smith on Nations and National Identity: a Critical assessment. Nation and Nationalism 10(1/2). 2004. 125-141.
-Glassner,martin,Faberer,chuak,(2004). political geography ,third edition.
- Glassner,martin. (1993). Political geography.
- Short Rennie ,John(1993). An introduction to political geography, second edition, Routledge.
- Lima Anderson and CarethStansfield, The future of Iraq,Dictatorship, Democracy,or Division?, 2004,Newyork,Palgrae macmilln.
- www. Britannica. com
www. merriam-webster. com